# چۆن جیهانێکی تر بەدی دەکرێت؟

ئەلێکس کالینیکۆس
**Alex Callinicos**

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی "سەنتەری ڕۆشنگەری مارکسیستی"
www.azadarman.com

بزووتنەوەی رەخنەگری بە جیهانی بوونی نیولیبراڵی خەباتی خۆی لە سەر چوار پایەی بنەرەتی سازداوە.

1. دادپەروەری کۆمەڵایەتی
2. بەهرەمەند بوونی کاریگەری بەکەڵک لە سەرچاوەکانی جیهان
3. ئابووری یەکی مسۆگەر
4. دیموکراسی

کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ناو دڵی خۆی سێ نیشانەی گرنگی تێدا شاراوەیە:

1. بەرابەری
2. هاوپشتی
3. ئازادی

دادپەروەری کۆماڵایەتی بەو مانایەیە کە تەواوی ئینسانەکانی سەر گۆی زەوی دەبێ لە تەواوی سەرچاوە و سامانە سروشتی یەکان بەهرەمەند بن بە جۆرێک کە ئینسانەکان لە ژێر سێبەری ئەم گەنجینە گشتی یانەدا بتوانن ئەو جۆرەی دەیانەوێ بە خۆشی بژین.

بەهرەمەند بوونی بەکەڵک و کاریگەر دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرچاوە و سەروەت و سامانە کۆمەڵایەتی یەکان بپارێزرێن. لەو ڕووووەوە بەهرەمەند بوونی یەک لایەنەو چەوسێنەرانە لە لایەن سەرچاوە سروشتی یەکان و سامانە کۆماڵایەتی یەکان لە بەرژەوەندی کەمینەیەک لە

ئینسانەکان دەبێتە هۆی پەرەسەندنی هەژاری و لە ناو چوونی مافی ئینسانی شارۆمەندانی جیهان.

ئابوورییەکی پایەدار یارمەتی بەوە دەکات کە سەروەتە کۆمەڵایەتییەکان و تەواوی بایەخ و تەواوی شێوازەکانی ژیانی ئاسودە بکەوێتە بەردەستی تەواوی نەوەکانی گۆی زەوی و بۆ داهاتووش بمێنێتەوە. لە ژێر سێبەری ئەو ئابوورییە پایەدارە، بارهێنان بهداشت، ژینگەی سالم و شتەکانی تری لەم چەشنە بۆ هەمووان دەستەبەر دەبێ.

سەرەکی ترین داخوازی بزووتنەوەی رەخنەگری بە جیهانی بوونی نیولیبراڵی دامەزراندنی دیموکراسی پایەیی یە. دیموکراسیەک کە لە بەرامبەر دیکتاتۆری بازارە ماڵیەکاندا رادەوەستێ. ئەو دیموکراسی یەی کە بە دڵی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی یەکان بەدیلی بە جیهانی بوون بەپێی شێوازە رادیکالەکانی وەک مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆ بەرێوەبەری و خۆ سازماندانە.

ئێستاکە سیستەمی سەرمایەداری تا ئەو جێگایەی بۆی بکرێ ئەو ئەسڵانە دەخاتە ژێر پێی و لەتمە لە بەرژەوەندی گشتی دەدا چونکە باوەری بنەرەتی سیستەمی سەرمایەداری لە سەر پێشبرکێی ئازادو دەغەلکاری و چەوساندنەوە و تاڵانی سەرچاوە سروشتییەکان و هەقدەستی هێزی کرێکار بنیاتنراوە.

سەرمایەداری لە سەر رێگای خۆی هاوپشتی لە ناو دەبات و ئازادی لە نێو درۆ و فرتوفێڵدا دەبەستێتەوە و بۆ گەیشتن بە قازانجی زیاتر و دابەشکردنی ناعادیڵانەی سەرچاوە سروشتی یەکان بە قازانجی دەوڵەمەندەکان تێدەکۆشێ. ئازادی بۆ ئەو سیستەمە بە مانای ئازادی لە ناوبردنی هەسارەکان و کۆسپ و تەگەرەکانی بەر پێی سەرمایەداری و جێ بەجێکردنی سەرمایە یە.

لە راستی دا سیستەمی سەرمایەداری بۆتە هۆی دابەش بوونی ناعادیڵانە و سیستماتیکی سەرچاوە ماڵییەکان و سروشتییەکان و لە ژێر ناوی بەرگری لە میللەتەکان بەشێکی

گرنگی ئەو سەرچاوانەی وێرانکردووەوە و دەمارە ئابوورییەکانی ژیانی ئینسانەکانی خستۆتە ئیختیار کۆنسێرنە گەورەکان و بە دوای ئەویشدا هێز و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریشی داوەتە دەستی دەوڵەت و کۆنسێرنەکان. ئەو سیستەمە کوێرە تا ئەو جێگایە دەچێتە پێشێ کە بە هۆی ئەم سیستەمە وێرانکەرەوە ژینگە و ژیانی لە سەر گۆی زەوی تووشی مەترسی زۆر کردووە.

بە دڵنیایی یەوە ئەو بزووتنەوەیە ئێستا تووشی لاوازییەکی گەورەیە و تا ئێستا نەیتوانیوە لە بەرامبەر ئەم راستی یانەدا بە رادەی پێویست پشت راستکاتەوە. تەنها خۆی خەریکی رەخنە لە نیولیبرالیزم کردووەو لە سەر داخوازی گەلێکی دیاریکراو پێداگری کردووە. هەلبەت پێداگری لە سەر ئەو خواستە دیاریکراوانە بۆتە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەیەکی گەورە لە ئاستی جیهان دا پێک بێت و وەکو سێلاو بکەوێتە گەر. بەڵام ئێستا ئیتر ئەو بزووتنەوەیە دوای رووداو و باس و راوێژە زۆرەکانی ساڵانی رابردوو وەها توانایی یەکی هەیە کە بتوانێ لە بارەی بەدیلەکانی سەرمایەداری باس و راوێژ بکات و بیر لەرێگاچارە بکاتەوە.

یەکێک لە هۆکارە هەرە گرنگانەی کە بۆچی رێگا چارەکانی بەدیلە سەرمایەداری یەکان وەها بە پارێزەوە دەرواتە پێشێ ئەوەی کە لە ژێر ناوی سۆسیالیزم هەندێک شکست لە جیهاندا رووی داوە. بەو مانایە دوای رووخانی یەکێتی شورەوی باس و راوێژ لە بارەی سۆسیالیزم و رێگاچارەی بەدیلە مۆدێرنەکانی سەرمایەداری تووشی وەستان هاتوون یان زۆر جار چوونەتە ژێر پەردەوە.

بەڵام ئەمرۆکە دوای باسێکی زۆرو تێروتەسەل لە جیهان ئیتر دەرکەوتووە کە تەنها بەدیلی سەرمایەداری سۆسیالیزمە. مارکس لە سەر ئەو باوەرە بوو کە سۆسیالیزم پرۆسەی هۆشیاری و خۆ بەرابەری یە. (هال دالپێر) مارکسیستی ئەمریکایی نێوی سۆسیالیزم لەخوارەوە یان سۆسیالیزمی پایەیی لە سەر ئەو باوەرەی مارکس دانە شتێک کە لە گەل سۆسیالیزمەکانی لە سەرەوەی ئێستا و ستالیترم و سۆسیالیزمی دیموکراتی بە تەواوی جیاوازە.

مارکس باوەری ژێرەو ژووربوون و ئاڵوگۆڕی شێوازی سۆسیالیستی بە "شۆڕش لە دژی دەوڵەتەکان" ناو زەرد دەکرد.

ئێستا جێگای ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە ئایا ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە سۆسیالیزم دەتوانێ بە شێوەیەکی رادیکال لە گەڵ ئەو شتەی کە لە شورەوی و بلۆکی ڕۆژهەڵات لە ژێر ناوی سۆسیالیزم روودا خۆی جیابکاتەوە. ئەو جیاکردنەوەو سنوردانانە بە دڵنیایی یە وە سین و کۆریای شیمالی و کوباش دەگرێتەوە.

یەکەم ئەوەی سۆسیالیزم بە مانای پەرەگرتنی رادیکالانەی دیموکراسی یە. بەو مانایەی کە پرۆسەی ئابووری بنەماکانی دیموکراسی هەیە و ژیانی سیاسی بەمانای چوون بۆ ناو قووڵایی دیموکراسی یە. دیموکراسی یەک کە تەنها لە ڕێگای هەڵبژاردن و دەنگدانەوە دادەمەزرێت و بەردەوام دەکردرێ و لە نێوان دوو توێژدا دەگەڕێ. ئەو توێژەی پولی هەیە بەردەوام سەرکەوتووە.خاوەنانی کۆنسێرنە مالیەکان لەو ڕێگایەوە سیاسەتمەداران دیاری دەکەن و بە هێزی پول تەواوی مافی هەلبژاردن و هەلبژێردران دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان.

ئەوە لە هەلومەرجێک دایە کە دیموکراسی ریشەیی لە لایەن ئەو کەسانەوە بە کردەوە دەردێت کە خۆیان قوربانی ئەم سیستەمە و بارودۆخەن. بە زمانێکی سادەتر لەو جۆرە دیموکراسی یە دا سازماندانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگە لە لایەن خولقێنەرانی ئەو کۆمەڵگایەوە و پێکهاتنی دەوڵەتێک لە لایەن ئەو خولقێنەرانەوە یانی کرێکارانی ژن و پیاو لە لایەن شورا ناوچەیی و سەراسەری یەکان و سازماندانی سەربەخۆی کۆماڵایەتی یەوە بەڕێوە دەچێ.

بۆ ئەوەی کە وەها دیموکراسی یەک بەکردەوە دەربێ هەموویان پێویستی یان بە ئازادی بەهرەمەندبوون لە زانیاری و ئیمکانات هەیە و دەبێت هەمووان لە باسە عەلەنی و گشتی یەکان بەشداری یان هەبێ خۆشبەختانە تەکنەلۆجیای مۆدێرن ئەم کارەی زۆر ئاسان کردووە. لە لایەکی تر بەداخەوە لە ئێستادا بیرورای گشتی جیهان لە لایەن ڕاگەیەنەرەکانی سەر بە کۆنسێرنەکانی سەرمایەداری و دەوڵەتەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت.

لە بواری ئابووری بۆ ئەو دیموکراسی یە کۆماڵایەتی بوونی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و هەروەها بۆ پەیوەندی بەدەنە کۆماڵایەتی یە کان، پێویستی مان بە پێکهاتەیەکی جیا لەو شتە هەیە کارگێڕی دەکات ئەو پرۆسەیەش پێویستی بە سیستەمێکی دیموکراتیک بۆ بەرنامە دارشتن هەیە تا لە سەر دابەشکردنی سەرچاوە سروشتی یەکان ساغ بێتەوە سەرەنجام دابەشکردنی داهاتەکان تا ئەو جێگایەی کە ئیمکانی هەیە دەبێ بەپێی لە بەرچاوگرتنی توانایی تاکە کەسی و پەیوەندی خواستەکانی هەر ئینسانێک بێت. سەرچاوە مەعدەنی یەکان و کارخانەکان سەروەتی کۆماڵایەتین. بەڵام هێزی کاری کرێکاران پەیرەوی ئەم قاعیدەیە نی یە. بەو مانایە هەر ئینسانێک ئازادە کاری خۆی هەلبژێرێ و هەر کاتی کە پێی خۆش بوو بتوانێ بیگۆرێ "ئازادی تاکە کەسی لە هەلبژاردنی پیشە". هەڵبەت سەرمایەداری بەردەوام ئەو وەعدو باڵێنانەی لە قسەدا وتووە بەڵام لە کردەوەدا هیچ کات ئانجامی نەداون.

بە بروای من تەواوی ئەو ئەرزشانەی کە بزووتنەوەی بەدیلی بە جیهانی بوون بۆ کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی ناوی لێ دەبات و خەباتی بۆ دەکات راست و دروست و واقیعی یە ئەو کەسانەی کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بەیەکەوە لە دەست دەگرن هیچ کات رێگە نادەن کە مافەکانیان پێشل بێت و لە سۆسیالیزمی پایەیی دا ماف و ئازادی و بەرابەری یان دەبێت ئیتر دەربەستی ئەوە نین کە لە ژێر بارودۆخێکی چەوسێنەرانەدا خۆیان بخەنە بەر پێی سەرمایەداری یەوە و ئیتر هیچ ژیان و کاریان بە سیستەمی سەرمایەداری یەوە وابەستە نابێت. سیستەمێک کە هەر ڕۆژ زیاتر لە ڕۆژی پێشتر بە کەڵک وەرگرتن و کوشت و برِو لە ناوبردنی دەرفەتێکی باشتر بۆ ژیانی باشتری ئینسانەکان یارمەتی بە دروست بوونی بازارە مالیەکان دەکات.

ئەگەر تەواوی ئەو ئینسانانە خۆیان بە سەرژیانی خۆیان و کۆمەڵگاکەیاندا کارگێری بکەن بە دڵنیایی یەوە هەموویان دەتوانن بە شێوەیەکی یەکسان لە مەزایەی کۆماڵایەتی و سەروەت و سامانی کۆماڵایەتی و گشتی بەهرەمەند بن.

سۆسیالیزم وەکو سیستەمێکی ئابووری سیاسی بەمانای شێوازێکی پێشکەوتوو لە دیموکرسە یە. دیموکراسیەک کە خالی هاوبەشی لە گەڵ سەرمایەداری نی یە و هیچ کات باسی لێوە ناکات. دیموکراسیەک کە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆتایی بە بازارە مالیەکان بێت و بەم شێوەیە بۆ یەکەم جار بۆ تەواوی ئینسانەکان ئەم دەرفەتە بخولقێنێ کە بە شێوەیەکی یەکگرتوو و هاوبەش ژیانێکی شەرافەتمەندانە ببنە پێشی و ژینگەیەکی نۆی پێک بێنن کە بە کاری ژیان بێت وە لەبەرامبەر لە ناو چوونی ژینگە خەبات بکەن هەتا نەوەکانی داهاتووش بتوانن لە خۆشگوزەرانی ژیان لە سەر گۆی زەوی بەهرەمەندبن.

سەرنج: ئەم وتارە لە نووسینی (ئەلێکس کالینیکۆس)ە لە رادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێران، رادیۆی کۆمەڵە (سازمانی پارتی کۆمۆنیستی ئێران) . لە 22ی ئۆگێست 2005 بڵاوکراوەتەوە.سەنتەری ڕۆشنگەری مارکسیستی بە گرنگی زانی چاپی بکات و ئامادەی بکات بۆ بڵاوکردنەوە.

## دەربارەی نووسەر:

ئەلێکس کالینیکۆس ئەندامی سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی بەریتانیایە،وە یەکێکە لە رابەرانی دیارو ناسراوی بزووتنەوەی دژە سەرمایەداری و دژی جەنگ. مامۆستای بەشی زانستە سیاسی یەکانە لە زانکۆی یۆک لە بەریتانیا. خاوەنی دەیان پەرتووک و نامیلکە و سەدان وتار و دیالۆگی جۆراو جۆرە، ئەمانەی خوارەوە ناونیشانی چەند پەرتووکێکی نووسەرن:

- بیروباوەری شۆڕشگێری کارل مارکس
- لە دژی پۆست مۆدێرنیزم
- لە دژی رێگای سێ یەم
- مانیفێستی ئەنتی سەرمایەداری
- مارکسیزم و ئیمپریالیزمی نوێ
- تیوريی مارکسيستی
- بزاڤی ئەنتی سەرمایەداری و چەپی شۆڕشگێر
- ستراتیژی گەورەی ئیمپراتۆرێتی ئەمریکایی

بۆ بەدەست هێنانی تەواوی بەرهەمەکانی نووسەر پەیوەندی بکە بە کتێبخانەی مارکس،
لە ڕێگەی ئەم ئیمایلەوە: marxistec@yahoo.com